# گوتاری سیاسی، ئاپاراتووسەکانی خۆی دەبینێتەوە

سەرۆ شەمزینی

"پرسی گوتار و دەوڵەمەندییەکەی و هەژارییەکەی بەگشتی لە هەموو قۆناغەکانی خەباتێکی حیزب و بزووتنەوەیەکی سیاسیدا گرینگە؛ بە چەشنێک کە دەتوانین چۆنیەتیی گووران و گۆڕانی حیزب لە چۆنیەتیی گۆڕانکاریی گوتاری ئەم حیزبەدا بەدی بکەین. بە گوتەیەکی تر دەکرێ بڵێین گۆڕانکاریی گوتاری حیزب، ئاوێنەی باڵانوێنی گۆڕانکاریی سیاسەتی حیزبە. بەڵام وا هەیە بابەتی گوتار لە هەندێک بڕگەی مێژوویی حیزبێکی سیاسیدا زۆر گرینگتر بێتەوە."

١ باسی سەرەکیی ئەم نووسراوەیە لەسەر ئەو بنەمایە دادەمەزرێ کە هەر حیزب و بزووتنەوەیەکی سیاسی لە چەندین بەشی سەرەکی پێک دێ. ئەگەر سەرجەم پێکهاتەی حیزب و بزووتنەوە بە کامپیۆتێرێک بشوبهێنین، دەتوانین بڵێین بەشێکی ئەم پێکهاتەیە لە حوکمی نەرمئامێری ئەو کامپیۆتێرەدایە و ئەوەی تریان لە حوکمی سەختئامێرەکەیەتی. نەرمئامێری حیزبێکی سیاسی بریتییە لەو کۆمەڵە بەرنامە سیاسییانەی وا ئەم حیزبە دەیانکاتە ئامانجی خۆی و خەڵکانێک لەژێر چەتری خەبات بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە کۆ دەکاتەوە و سەختئامێرەکەشی بریتییە لەو ئیمکاناتە ماددی و هێزە ئینسانییانەی حیزب لەبەر دەستیدایە. بەڵام جیاوازییەکیش لەنێوان سیستمێکی لە چەشنی کامپیۆتێر و پێکهاتەی حیزب لەگۆڕێدایە. جیاوازییەکە ئەوەیە کە پرۆگرامی کامپیۆتێر بۆ بەرێوەچوون، پێویستیی بە شیکردنەوە و فێرکاری و ناساندن و قەناعەت پێ هێنانی زیاتر نییە. بەپێچەوانە لە حیزب و تەشکیلاتی سیاسیدا دوای ئەوەی ستراتێژی و پێڕەو و بەرنامەیەکی دروست و واقیعبینانە ڕەچاو دەکرێ، ئەو ستراتێژی و بەرنامەیە بۆ وەرگیرانی زیاتر و سەقامگیر بوونی لەناو زەینی ئەندامان و خەڵکی تریش پێویستی بە شیکردنەوە و گەشەپێدان و ڕمێن پێدانە. ستراتێژیی سەرەکیی حیزبێک لەوانەیە لە چوارچێوەی ڕستەیەکدا کورت بێتەوە. بەڵام ئەو ڕستە کورتە پێویستیی بە پشتێنەیەکی پشتیوانی تیۆریک هەیە. ئەو پشتێنە پشتیوانە کە لە شیکردنەوە و تیۆریی فەلسەفی و کۆمەڵناسانە و سیاسی و باسی مێژوویی و هتد پێک هاتووە، هەر ئەو بابەتەیە کە لەژێر سەردێری «گوتار» (discourse)دا پێناسە دەکرێ. کەوایە ئەو ئیمکانە لەگۆڕێدایە حیزب یان بزووتنەوەیەکی سیاسی ستراتێژییەکی گشتیی دروستی بۆ خەبات ڕەچاو کردبێ و، تەشکیلات و هێزی ئینسانیشی لەبەر دەستدا بێ، بەڵام لەباری گوتارەوە هەژار بێ. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا دەڵێین ئەم حیزب یان بزووتنەوەیە تووشی بۆشاییی گوتار بووە.

بۆشاییی گوتار هێندێک نیشانەی هەیە کە ئەگەر ئەو نیشانانە لە حیزبێکی سیاسیدا بەدی کران، دەتوانین بە دڵنیاییەوە بەم ئاکامە بگەین کە ئەم حیزبە تووشی نەخۆشیی بۆشاییی گوتار بووە.

■ یەکێک لەو نیشانانە ئەمەیە کە بەرەبەرە ستراتێژیی دروست و مێژووی پاکی ئەو حیزبە لە لایەن گرووپ و دەستە و تەشکیلاتی ترەوە دەدزرێ و بەساحەب دەکرێ. هۆی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە هەروەک لەپێشدا ئاماژەمان پێکرد، ستراتێژی، پێویستیی بە پشتێنەیەکی پشتیوان هەیە. ئەو پشتێنەیە لە جینسی گوتارە. کاتێک بۆشاییی گوتار لەگۆڕێدا بوو، حیزب و ڕێکخراوی سیاسی ناتوانێ دروشمە ڕەواکەی و مێژووە پرشنگدارەکەی بەساحەب بکا و، هەر بۆیە دەستە و تاقم و حیزبی تر ئەم بۆشاییەیە لەناو حیزبە سەرەکییەکەدا دەقۆزنەوە و، هەوڵ دەدەن ستراتێژی و مێژووەکە بەساحەب بکەن. ئەو دۆخە بەرەو ئەم ئەنجامە دەڕوا کە حیزبە سەرەکییەکە بەرەبەرە جێگە و پێگە کۆمەڵایەتییەکە و ڕێژەی ئەندامان و ئیمکاناتی ماددی لە کیس بدا و، بەم شێوەیە ڕێژەی شەرعییەتییەکەشی کە پێوەندییەکی قایمی لەگەڵ کارامەییی ئەو حیزبە هەیە، دابەزێ.

■ نیشانەیەکی تری بۆشاییی گوتار لەناو حیزب و تەشکیلاتێکی سیاسیدا ئەوەیە کە هەندێک جار وشە و دەستەواژە و گوتەی وا لەناو ئەدەبیاتی ئەم حیزبەدا دەبیسترێ کە لە حیزب و تاقمەکانی ترەوە وەرگیراون و هی خودی ئەو حیزبە نین و، لەگەڵ بۆچوونی گشتی و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە ناتەبان؛ یان ئەگەر ناتەباش نەبن، بەلانیکەمەوە نیشانەی کاریگەرییەتیی ئەو حیزب و تەشکیلاتەی تر لەسەر حیزبی بەرباسن.

پێویســـتە لێرەدا کەوانەیەک بکەینەوە و ئاماژە بە خاڵێکی شـــیاوی سەرنج بکەین. خۆ بواردن  لە وەرگرتنی وشـــە و دەســـتەواژە و بەڵگە و گوتەی جۆراوجۆر لە گوتارەکانی تر، بە هیچ شێوەیەک نیشـــانەی سەربەخۆیی و بەهێزبوونی گوتار نییە؛ بەپێچەوانە ئەو حیزب و رێکخراوانـــەی خاوەنـــی گوتارێکی بەگوڕ و لەگـــەڕن، توانای ئەوەیان هەیە لەگەڵ گوتارە فیکری و سیاسییەکانی ڕۆژ پێوەندییان هەبێ و، ئەوەندەی بە قازانج و لە ئاڕاستەی گوتاری گشـــتیی خۆیاندایە، لەم گوتارانـــە وەربگرن و لەنـــاو گوتـــاری خۆیاندا بیتوێننـــەوە. نابێ «داخراوبوونی گوتار»مان لەگەڵ «سەربەخۆیی گوتار» لێ تێک بچێ.

■ کەوایە ســـێیەمین نیشـــانەی بۆشـــاییی گوتـــار ئەوەیـــە کـــە لەنـــاو حیزبێکـــدا ئەم توانایە بۆ پێوەندی ســـازکردن و دانوســـتانی گوتاربوونـــی نەبێ. دیـــارە خراپترین حاڵەت ئەوەیـــە ڕێکخراوێـــک توانـــای ڕاکێشـــان و وەرگرتنی بژیوی تەندروســـتیی پێویســـت بۆ نـــاو گوتارەکەی خۆی نەبـــێ، کەچی بەهۆی سستی و نائاگاداری، خۆراکی ناتەندروست و نالەبار دزە بکاتە ناو گوتارەکەیەوە.

■ چوارەمیـــن نیشـــانەی بۆشـــاییی گوتـــار نەنووسرانەوە و کۆ نەکرانەوەی تێروتەسەل و تەفسیلی مێژووی ئەو حیزب و ڕێکخراوەیە و هەروەها مێژووی ئـــەو زەمینە کۆمەڵایەتی و سیاســـییە بەربڵاوترانەیە کە حیزب لەناویاندا خـــۆی گرتووە. بۆ نموونە ئەگەر باســـەکەمان لەســـەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چڕ بکەینەوە، جگە لە مێژووی قۆناغ بە قۆناغی حیزب، مێژووی ئێران بەرلە شۆڕشـــی ٥٧ و دوای شۆڕش لە هەموو قۆناغەکاندا و هەروەها مێژووی ناوچە و جیهان، ئەوەندەی پێوەندی بە خەباتی ئەم حیزبەوە هەیە، ڕاستەوخۆ لەناو ئەو گوتارە سیاسییەی حیزب کاری پێ دەکا، جێگای دەبێتەوە. هەروەها جگە لە مێژووی مەکتـــووب و نووســـراو کە بە شـــێوەیەکی ڕێکوپێک لە لایەن نووســـەرانێکی شارەزا بە مێژووو و شـــارەزا بە شـــێوازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی دەنووسرێ، بەشـــێکی زۆر گرینگ کـــە بەتایبەت بۆ حیـــزب گرینگایەتی هەیە، میژووی زارەکییە. ئەم بەشـــە لـــە مێژوو لە زمانی ئەو کادر و پێشمەرگە و فەرماندەرانەوە دەگێڕدرێتـــەوە و دواتـــر دەنووســـرێتەوە کە ڕاستەوخۆ لە ڕووداو و عەمەلیاتەکاندا بەشدار بوون. بەم شێوەیە دەبینین گوتاری سیاسیی حیزب جگە لە بەشێکی گرینگی تیۆریک کە لەوانەیە هەندێک لە پسپۆڕان و خوێندەواران لە قووڵاییی‌یەکەی بگەن، بەشێکی زۆر نزیکتر لە زمانی خەڵکی ئاساییش لەخۆی دەگرێ.

**٢** پرســـی گوتـــار و دەوڵەمەندییەکـــەی و هەژارییەکەی بەگشتی لە هەموو قۆناغەکانی خەباتێکی حیزب و بزووتنەوەیەکی سیاســـیدا گرینگە؛ بە چەشنێک کە دەتوانین چۆنیەتیی گـــووڕان و گۆڕانـــی حیـــزب لـــە چۆنیەتیی گۆڕانکاریی گوتاری ئەم حیزبەدا بەدی بکەین. بـــە گوتەیەکی تر دەکـــرێ بڵێین گۆڕانکاریی گوتاری حیزب، ئاوێنەی باڵانوێنی گۆڕانکاریی سیاســـەتی حیزبە. بەڵام وا هەیە بابەتی گوتار لـــە هەندێک بڕگـــەی مێژوویـــی حیزبێکی سیاسیدا زۆر گرینگتر بێتەوە. بۆ شیکردنەوەی ئەم باسە پێشەکییەکی کورت دێنینە بەرباس.

■ لە دەیەی چل و پەنجا و شێستی هەتاویدا کە لە کوردســـتان و باقی شـــوێنەکانی تری جیهانـــدا، خەباتی چەکـــداری ڕمێنی هەبوو، بەشـــێکی زۆر لە هێز و توانای حیزبەکان بە ڕادەی هەڵســـووڕانی چریکیی ئەم حیزبانەوە دەناســـرا. هەرچەنـــدەی ئـــەو ناوچانەی کە تێیاندا حیزبێک توانای بەڕێوەبردنی شـــەڕی چریکـــی هەبوو، بەربڵاوتر بایە و هەرچەندەی عەمەلیاتەکان لەباری نۆرمی شـــەڕی چریکی و پارتیزانییەوە لێزانانەتر بان و، هەرچەندەی ژمارەی عەمەلیاتەکان زۆرتر بان، هێز و توانای ئەم حیزبە زۆرتر وەدیار دەکەوت.

■ دەزانین شەڕی چریکی لەم وڵاتانەدا بروەی


دەبێ کە کەشوهەوای سیاسییان داخراوە و ڕێژیمەکانیان دیکتاتۆر و تۆتالیتێرن و، هیچ دەرەتانێکی تر جگە لە بزووتنەوەی چەکداری بۆ ئازادیخوازانی ئەم وڵاتە بۆ وەدی هێنانی گۆڕانکاریی دێموکرات و پێشکەوتوو لەگۆڕێدا نییە. بەڵام لەو وڵاتانەی کەشوهەوای سیاسییان کراوەیە و حیزبە سیاسییەکانیان دەتوانن بەشێوەیەکی ئازاد هەڵسووڕانی سیاسییان هەبێ، ئەوەی ڕادەی توانای حیزبێک دەردەخا، کۆی ئەو ئاکسیۆنە سیاسییانەیە (نەک ئاکسیۆنی چەکداری) کە ئەو حیزبە لە گۆڕەپانی سیاسەتی وڵاتی گۆڕیندا و لە تەعامول لەگەڵ حیزب و تاقمەکانی تر و خەڵک و دەوڵەتی زاڵدا بەڕێوەی دەبا.

دیارە تەنانەت حیزبێکی وا کە خەباتی چەکدارانەش بکا، لە کاری سیاسی ناتەکێتەوە، بەڵام مەسەلە ئەوەیە لە هەندێک برگەی مێژووییدا سیمای زاڵی ئەو حیزبە زیاتر بە خەباتە چەکدارانەکەیەوە دەناسرێتەوە و ئاکسیۆنە سیاسییەکانی باڵیان بەسەر دادەکێشرێ.

ئێمە پێمان وایە حیزبی دێموکرات لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی دکتۆر قاسملوودا ـ دوای شۆڕشی ٥٧ ـ بە پێک هێنانی هاوسەنگی و تەعادولێک لەنێوان خەباتی سیاسی و خەباتی چەکدارانەدا توانیبووی ببێ بە گرینگترین حیزبی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ ئەوە بەشی دیارتر و ئاشکراتری مەسەلەکەیە. بەشی شاراوەتری باسەکە ئەمەیە کە لەو سەردەمدا، گوتاری سیاسیی حیزبیش گوتارێکی زۆر بەهێز بوو؛ بە چەشنێک کە ئێمە دەتوانین شوێنپێی گوتاری سیاسیی حیزب لە زۆر جەریان و حیزبی سیاسیی ئەو سەردەم ببینینەوە.

■ ئێستا پرسیار ئەوەیە کە لە سەردەمێکی ئەوتۆدا کە ڕمێنی خەباتی چەکداری بەبێ ئەوەی لەناو چووبێ، لە جاران کەمتر بووبێ و هەروەها دەرەتانی ئاکسیۆنی سیاسیش (بەتایبەت لەناو وڵاتدا) نەبێ، حیزب و بزووتنەوەیەکی سیاسی لە چ کارتێک دەتوانێ کەڵک وەربگرێ؟ دیارە وڵامێکی گونجاو بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە کاتێک لە ناوخۆ دەرەتانی بەڕێوەبردنی کردە و ئاکسیۆنی سیاسیمان نابێ، دەتوانین هەڵسووڕانی سیاسیمان لە دەرەوەی وڵات، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە بگرە هەتا ئورووپا و ئەمریکا، لەناو دەوڵەتانی حاکم و پارلەمانەکان و نوێنەرەکانیان و حیزب و تاقمە سیاسییەکانیان پتەوتر و پەرەگرتووتر بکەین. ئەم بۆچوونە ناڕاست نییە و ئەم شێوە خەباتە پێویستە، بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ کە مەیدانی سەرەکیی سیاسەت کردنی ئێمە، کوردستان و ئێرانە. بە بڕوای ئێمە لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا کە هەلومەرجی عەینی و زەینیی خەباتی چەکدارانە کەمتر دەبێ و دەرەتانی هەڵسووڕانی ئازادیی سیاسیش لەگۆڕێدا نابێ و، تێکۆشانی ئازاد و ڕەسمی هەتا وەدیهاتنی دۆخێکی ئازادیی سیاسی هەڵدەپەسێردرێ، گرینگترین کارتی حیزب و بزووتنەوە و زامنی بەردەوام بوونی نفووز و شەرعییەتی بزووتنەوە، ئەو گوتارە سیاسییەیە کە بزووتنەوە بەرهەمی دێنێ و بڵاوی دەکاتەوە و، دەستڕۆیشتوویی و کارامەییی خۆی هەم لەناو کۆمەڵانی خەڵک و هەم لەناو ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکانی تردا بەم گوتارە بەهێز و دەوڵەمەندەوە دەسەلمێنێ.


٣ لە هەرکام لەو قۆناغانەی باس کردن، تەشکیلات و پێکهاتەی حیزب دەبێ بە شێوەیەکی تایبەت بەو قۆناغە ڕێک بخرێ. دیارە ئەو تەشکیلاتەی لەسەر بنەمای پێداویستییەکانی تایبەت بە شێوە خەباتێکی چەکدارانە ڕێک خراوە، بۆ کاتی لەرمێن کەوتنی خەباتی چەکدارانە وڵام نادەتەوە و ئەگەر بێتو ئەم پێکهاتەیە لەو بارودۆخەدا هەر درێژەی هەبێ، گومان لەوەدا نییە ئەم حیزب و ڕێکخراوەیە بە شێوەی جۆراوجۆر تووشی قەیران دەبێ. بە



بڕوای ئێمە ئەو بەشە تەشکیلاتییەی حیزب کە لە بارودۆخی سێیەمی خەبات - واتە لە قۆناغی کەمتربوونەوەی ڕمێنی خەباتی چەکداری و نەبوونی دەرەتانی هەڵسووڕانی ئازادی سیاسیدا - دەورێکی زۆر کاریگەر دەگێڕێ، بەشێکە کە بەرهەم هێنانی گوتاری لەئەستۆیە. هەموو بەشەکانی وەک فێرکاری و تەبلیغات دەبن بە پاژێکی چکۆڵەتر لەناو ئەم بەشەدا. دیارە مەبەستمان لە تەبلیغات، هەر بە تەنیا لە نووسین و بڵاوکردنەوەی چەند پلاکارد و دروشمێکی سادەدا کورت نابێتەوە، بەڵکوو مەبەستمان بڵاوکردنەوەی گوتارێکی بەهێز و چەند ڕەهەندی ئەوتۆیە کە خۆراکی فیکری تویژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا دابین بکا. ڕۆژنامە و کتێب و ڕادیۆ و کەناڵی ئاسمانی لەم ناوەدا گرینگایەتییەکی یەکجار زۆریان هەیە؛ بەڵام لەبیرمان نەچێ ئەم میدیایانە زیاتر ئەرکی بڵاوکردنەوەی گوتار بەڕێوە دەبەن نەک بەرهەمهێنانی گوتار. دیارە بڵاو کردنەوەی گوتار دوای بەرهەم هێنانیەتی. کەوایە دامەزراندنی ناوەندگەلی جیددی و هەڵسووڕی ئەوتۆ کە خاوەنی فۆنکسیۆنێکی لەم چەشنە بن، ئەرکێکی مێژوویی و پێویستە. ئەم ناوەندانە دەبێ وەها ڕێک بخرێن کە بتوانن بەرەبەرە خۆراکی فیکری لە هەموو ئاستەکاندا و هەروەها بۆ توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک دابین بکەن. ئەم ناوەندانە دەتوانن لەم زەمینانەی خوارەوەدا کاری لێکۆڵینەوە بکەن:

■ ئەندیشەی سیاسی بەگشتی لە ئاراستە چەپەکانەوە بگرە هەتا ئاراستە ڕاستەکان.

■ بنەما تیۆریکەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە فۆرمە جیاوازەکانیدا تەنانەت تا ئاستی سەربەخۆیی. بۆ وێنە فیدراڵیزم و هەروەها مێژووی فێدرالیزم لەو وڵاتانەی ئەو سیستمە تێیاندا بەڕێوە چووە و، هەروەها مێژووی ئەو وڵاتانەی سیستەمی ناوەندخواز و دژە فیدراڵیان تێدا بەڕێوە چووە، وێڕای بنەما



تیۆریکەکانی ئەو شێوە سیستەمە.

■ مێژووی کورد بەگشتی لە هەموو پارچەکاندا و مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە شێوەیەکی تەفسیلی و تێروتەسەل و بەتایبەتی مێژووی حیزبی دێمۆکرات

■ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەندێشەکانی ڕێبەرانی هەڵکەوتەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

■ مێژووی هاوچەرخی ئێران بەتایبەتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی

■ لێکۆڵینەوەی کوردناسانە بەگشتی کە پێوەندی بە زمان و فەرهەنگ و زانیارییەکانی پێوەندیدار بە کورد و کوردستانەوە هەیە

هەموو ئەو باسانەی لە دووتوێی ئەم نووسینەدا خرانە ڕوو، لەسەر پێشگریمانەیەک دامەزراون. پێشگریمانەکە ئەمەیە: گوتاری دەوڵەمەند ئاپاراتووسی خۆی دەبینێتەوە؛ وەک چۆن ڕووبارێکی خوڕێن بەگوێرەی هەڵکەوتی جوغرافی و بەرزی و نزمی و ڕاستی و ناڕاستیی بندینەکەی بەرەبەرە بەستێنی خۆی دەبینێتەوە و تەختی دەکا، گوتاری سیاسیش هەر بەم چەشنە دوای ئەوەی بەرهەم هات، وردەوردە دەراوەکانی بڵاو بوونەوەی خۆی لەناو کۆمەڵگادا دەدۆزێتەوە.

ئەم بۆچوونە بە بارێکی دیکەشدا وەراست دەگەڕێ. ئەوە هەر ئێمە نین کە گوتاری خۆمان بەرهەم دێنین و بڵاوی دەکەینەوە. داگیرکەرانیش گوتاری خۆیان بەرهەم دێنن. ئەگەر چۆنیەتی و چەندێتیی گوتاری ئێمە لە ئاستی پێویستدا نەبێ، گوتاری ئەوان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک و نابەرهەست بەسەر گوتاری ئێمەدا زاڵ دەبێ. ئەو دەم کۆمەڵانی خەڵک دەبن بە سوپایەکی ئامادە و تەیار نەک لە خزمەتی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی خۆماندا، بەڵکوو لە خزمەتی داگیرکەراندا. شەڕی سەرەکیی ئێمە شەڕی گوتارە و پێداویستیی سەرەکیی خەبات بەرهەمهێنانی گوتارێکی تەسەلی مۆدێرن و نیشتمانییە.